د. لوتفی ئەلعەموشی

# کوردو
# کێشەی نەتەوایەتی لەتورکیا

وەرگێڕانی

**عەتا قەرەداغی**

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

سلێمانی - ٢٠١٣

کوردو کێشەی نەتەوایەتی لەتورکیا

وەرگێڕان : عەتا قەرەداغی

بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران

سلێمانی ـ ٢٠١٣

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٠١٥) ساڵی ٢٠١٣

دیزاین: ئەمیرە عومەر

تیراژ: (٢٠٠٠)

زنجیرە: (٥)

سەرپەرشتیاری زنجیرە

ڕەنج جەعفەر

کورد لە میدیای جیهانیدا

## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لەدەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

# پێشەکی ئەکادیمیا

ئەم نامیلکەیە لێکۆڵینەوەیەکی د.لوتفی ئەلعەموشییە، کە پرۆفیسۆرە لە مێژووی نوێو هاوچەرخو پسپۆڕە لەمێژووی بەڵقانو دەوڵەتی عوسمانیدا، لەکۆلێژی ئادابو زانستە مرۆییەکانی لوبنان مامۆستایە، ئەم باسەی لەو "کۆنگرەی مێژوویی"یە خوێندیەوە کە لەساڵی ١٩٩٨ زانکۆی لوبنان لەبارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رێکیخستبوو.

لێکۆڵیار بە سەرەتایەکی مێژوویی لە دەرکەوتنی دەوڵەتی نەتەوەیی تورک لەسەر پاشماوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی دەستپێدەکات، دواتر دێتە سەر پێکهاتەی دانیشتوانی تورکیا، کە لەروی ئیتنیکییەوە بۆ تورکو



غەیرە تورك، هەروەها لە روی بیرو باوەڕی ئاینییەوە بۆ ئیسلامو غەیرە ئیسلام پۆلێنکردووە.

هەروەها بەوردی دێتە سەر کۆمەڵە ئیتنیکیە جیاجیاکانو بەپێی دابەشبوونی جیوگرافیو بیرو باوەڕی ئاینیان باسیان دەکات، بەهەمان شێوە کەمینە نەتەوەییو ئاینیەکانی بە پێی قەوارەیان باسکردوە، کە کورد گەورەترین کەمینەی نەتەوەییە دوای کوردیش کەمینەی عەرەبو ئاماژە بە کەمایەتیەکانیتر دەکات.

هەروەها لێکۆلینەوەکە پێشینەیەکی مێژوویی لە سیاسەتی عوسمانییەکان باسکردوە، بەوەی لەململانێکانی لەگەڵ سەفەوییکانو روسو ئەرمەنەکاندا خێڵە کوردەکانیان بەکارهێناوە، بەهۆی ئەوەی کوردەکان وەك عوسمانییەکان سوننە مەزهەب بوون، بۆیە بەخۆشحاڵییەوە بەشداری شەڕەکانیان کردووە.

خوێندنوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە یاریدەدەرە بۆ ئەوەی لەتورکیای نوێدا هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی تورك لەبەرامبە کەمینەکان بەگشتیو کورد بەتایبەتی بزانین، سیاسەتی

توندوتیژانەی حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی تورکیا لەبەرامبەر دۆزی کورد باسدەکات، کە هەمیشە رەگەزپەرستانە بووە، سیاسەتی پەرتکەو زاڵبەی بەکارهێناوە لەبەرامبەر کەمینەکاندا، هەرئەوەش بووە زەمینەی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی چەکداریو توندتیژی بەردەوام لەم وڵاتەدا، لەسەردەمی تورکۆت ئۆزالدا گۆڕانکارییەك بەسەر سیاسەتی پشتگوێخستنی هەرێمی کوردیدا هات، گەشەپێدانی ئابوری کشتوکاڵی ئەم ناوچەیەی گرتەوە. لەکۆتایی باسەکەیدا نوسەر رەخنەی لەسیاسەتی دەوڵەت گرتووە لە جێگۆرکی پێکردنی دانیشتوان بەمەبەستی توانەوەی کەمینەکان لە کەلتوری تورکدا، لەسەر ئەو بنەمایەی ئەم شیوازە لەگەڵ چارەسەری دیموکراتیانەی دۆزی کورد یەکناگرێتەوەو ئاڵۆزتری دەکات.

ڕەنج جەعفەر

# کوردو
# کێشەی نەتەوایەتی لە تورکیا

کۆماری تورکیا بە میراتگری بەشی ناوەندی بەجێماو لە قەڵەمڕەوی ئیمپڕاتۆری عوسمانی دادەنرێت کە ناوچەیەکی فراوانو فرە نەتەوەو فرە ئایینو فرە مەزهەبەو لە بواری کەلتورو دابو نەریتو بوارەکانی تریشدا جۆراو جۆرە.

ئەگەر ئەو بەشانەی لە ئیمپڕاتۆرێتی عوسمانی جیابوونەتەوە، تاکو ئێستا لەژێر قورسی کاریگەری ئەو جیابوونەوەو بەجێهێشتنەدا بنالێنن، ئەو قورسیەی کە ئەم رووداوە بۆ ئەو وڵاتانەو گەلەکانیانی



بەجێهێشت، ئەوا بەهەمان شێوە لەبەرامبەر ئەوەدا، دەبینین ئەم ئیمپراتۆرێتەو پاشماوەکەشی بەدەست هەمان ئەو نەخۆشیانەوە دەناڵێنن کە ئەوانی غەیری خۆیانیان پێ ئالودە کردووە.

لە سایەی جیاوازی هاوکێشە نێودەوڵەتیەکانی ئەم سەردەمەدا نەخۆشیەکانی قۆناغی پێشتر هەروەکو خۆیان ماونەتەوە، بەبێ ئەوەی بڕیاری گونجاو بۆ چارەسەرکردنی تەواوەتیان وەرگیرابێت، بەڵکو بەبێ چارەسەر هێڵراونەتەوە، بۆ ئەوەی رێڕەوی سروشتی خۆیان لە قەیرانو ئاڵۆزبوون بگرنە بەرو بەوپێیەش بکەونە سەروی رووداوە هەرێمایەتیو نێودەوڵەتیەکانەوە، ئەگەر لەهەرێمەکانی یۆگۆسلافیای پێشوو (هەرێمی کۆسۆڤۆی ئێستاو سلۆڤینیاو کرواتیاو بۆسناو هەرسکیی پێشوو، مەکدۆنیاو دراوسێکانی) کە یەکێك بوو لەهەرێمەکانی ژێرسایەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی لە ئەوروپادا بارودۆخ بەرەو

قەیرانو تەقینەوە چووبێت، ئەوا هەلومەرجی هەرێمەکانی ژێرسایەی دەسەڵاتی ئەم ئیمپراتۆرێتە لەئاسیاشدا بەرەو تێکچوون چووە. [١]

ئێستا بەهۆی جوگرافیاوە، زیاتر لەوەی بەهۆی مێژووەوە بێت، میراتگری ئەم ئیمپراتۆرێتە کە (تورکیایە) نەیتوانیووە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر شتومەكو مولْکە دوورەکانی خۆی هەبێت، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە بشێت ئەو شتانە کاری لێبکەنو چالاکی بکەن لە هەرێمەکانی ئاسیایدا، ئەو هەرێمانەی کە لەسنووری یەکێتی سۆڤێتدا بوون. ئەگەر تورکیا خاوەنی توانای بەربڵاوبووبێت بۆ ئەوەی دەوری گرنگ ببینێت لەو ناوچانەدا کە کەوتوونەتە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیەوە، ئەوا ئەمە وامان لێدەکات کە پرسیار بکەین دەربارەی ئەوەی داخۆ تورکیا خۆی هەمان ئەو گیروگرفتانەی نییە کە ئەو دەوڵەتانەی کە پێشتر ناومان هێنان بەدەستیەوە دەناڵێنن؟، بەڵام ئایا



دەشێ قسەکردن لە بارەی تورکیاوە بەتەواوەتی ئاوێنەی نەتەوایەتی بێت؟

جێی ئاماژە بۆکردنە کە زۆرینەی هەرەزۆری دانیشتوانی تورکیا کە ئێستا لەسەرووی (٦٠) ملیۆن کەسەوەیە تورکن، کە ئەو کەمایەتیە ئیتنیکییو ئایینیە جۆراوجۆرانەشیان لەگەڵدایە کە رێژەی ٢٠٪ی دانیشتوان پێکدێننو نزیکەی چواریەکی رووبەری وڵاتیش داگیردەکەن. بە جۆرێك کە دەشێ سەرژمێری نزیکەی بیستو پێنج نەتەوە یان کۆمەڵەی ئیتنیکی بکرێت ئەگەرچی هەندێکیان لە چەند هەزارکەسێ یان لە دەیان هەزارکەس زیاتر نین، بەڵام هەندێکیان توانای پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییو زمانو دابو نەریتو سروشتی خۆیانیان بەتەواوی هەبووە، هەرچەندە دواتر لە ناو کۆمەڵگای تورکیادا بەشێوەیەکی تەواو تواونەتەوە. گەورەترین شاری تورکیا کە ئەستەمبوڵە شارێکی فرە نەتەوەییەو

چەندین کۆمەڵی ناتورکی تێدا کۆبووەتەوە کە ڕێژەی ٢٥٪ی دانیشتوانەکەی پێکدێنن کە زۆربەیان لەیۆنانیو ئەرمەنیو یەهودیو .. تاد پێکهاتوون.

خێڵە تورکەکانی یەکەم: کە تورکمانیو ئۆرغۆزی بوون، لە سەدەی یانزەدا هاتوونەتە هەرێمی ئەنادۆڵ کە ئەوکاتە لەو هەرێمەدا ئەرمەنیو یۆنانیو کوردو عەرەبو خەڵکی تریش هەبوون، لە سەردەمی دەوڵەتی سەلجوقیو ئیمپراتۆری عوسمانیداو دواتریش لەئەنجامی تێکەڵاوبوونی خێڵە تورکەکان بەوگەلانە لە هەرێمی ئەنادۆڵدا نەتەوەی تورک پێکهات.

ئاشکرایە کە نازناوی تورکەکان هەتا سەرەتای سەدەی بیست بەشێوەیەکی سەرەکی بە جوتیارانی سادە دەگوترا، لەکاتێکدا فەرمانڕەوایانو ڕۆشنبیران نازناوی عوسمانیان لێ دەنرا، تورک وەکو نەتەوەیەك لە کۆتای سەدەی نۆزدەو سەرەتای بیستدا پێکهات بەتایبەتی لەگەڵ دەرکەوتنی کۆماری تورکیادا.



لە ئەنجامی ڕوخاندنی ئیمپراتۆری عوسمانیو ئیمزاکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانو ڕێکەوتننامە دوو قۆڵیەکانی تایبەت بە مەسەلەی ئاڵوگۆڕی دانیشتوان، گۆڕانکاری گرنگ لە پێکهاتەی نەتەوەیی کۆماری تورکیادا ڕوویدا. کاتێ کۆمەڵانی خەڵك لە دانیشتوانی تورکو موسوڵمانان گەڕانەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە پێشتر هاتبوونە سنووری ئیمپڕاتۆری عوسمانیەوە، یان سنووری ئیمپڕاتۆرێتەکەیان بەجێهێشتو گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان، هەروەها چەندین کۆمەڵ لە دانیشتوانی یۆنانیو بولگاریو هیتریش لە نەتەوەکانیتر تورکیایان بەجێهێشت.[٢]

بەشی سەرەکی لەدانیشتوانی تورکیا کە تورکی عوسمانین، زۆرینەی هەرەزۆری پەنجا پارێزگا لەکۆی گشتی شەستو حەوت پارێزگا پێکدێنن، بەڵام کۆمەڵەی کەمایەتیە جۆراو جۆرەکان ڕیشەی ئیتنیکیان جۆراوجۆرەو لەبیروباوەڕی ئایینیاندا

جیاوازن. هەروەها دەشێ بەپێی ڕەگو ڕیشە دابەش بکرێن بۆ ئیتنیکی تورکیو ئیتنیکی غەیرە تورکی، هەروەك لەڕووی بیروباوەڕی ئایینیەوە دابەش دەبن بۆ ئیسلامیو غەیری ئیسلامی.

کۆمەڵە نەتەوەییو ئیتنیکییە بەڕەگەز تورکەکان بریتین لە یۆروکی کە لەناوچە چیاییە جۆراوجۆرەکانو ناوچەکانی باشووری ڕۆژئاواو ناوەڕاستو باشوور دەژین، ئەمانە هەموویان مسوڵمانن. زیبقی: ئەمانە لەباشووری ڕۆژئاوای تورکیاو لەباشووری پارێزگای ئەزمیرو لە بەرزاییە چیاییەکانی بانی ئایدن دەژینو مسوڵمانی سوونە مەزهەبن. تورکمان کۆمەڵێکی کەمیان لەنێو تورکدا دەژین، هەروەها ئەوانی تریان لەنێو کوردەکاندا دەژین، لە ڕۆژهەڵاتو ناوەڕاستی ئەنادۆڵن. تەتەر کە زۆربەیان بەشێوەی کۆمەڵ کۆمەڵ لە سنووری پارێزگاکانی وانو هەکاریو باکوری شاری جولەمێرگو



بڕێکی کەمیشیان لەدەوروبەری دەریاچەی توزی پارێزگای قونیەو لە دەوری شاری ئەسکی شەهرو لە قەراغ شاری باندرمە دەژین.

بتشناغی کە بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ نیمچە دوورگەی بەڵقان کە لە دەوروبەری شاری ئەدەنەو تراقیای ڕۆژهەڵات نیشتەجێ بوونو ڕۆمی ئەرسەدۆکسن.

بەڵام کەمایەتیەکانیتر کە ڕەگو ریشەیان تورک نییە گرنگترینیان کوردەکانن کە سەر بەخێزانە زمانی هیندو ئەوروپینو لەرووی ژمارەو بایەخەوە لە دوای تورك ئەمان دێنو بە بەردەوامیش ژمارەیان زیاد دەکات، ئەگەرچی سەرژمێرییە فەرمیەکانی تورکیا دان بەوەدا نانێن.

**ئەم خشتەیەی خوارەوە بەشێك لەو سەرژمێرییانە دەردەخات:**

| سالّ | ژمارە |
|---|---|
| ١٩٥٠ | ١,٨٥٥٠٠٠ |
| ١٩٦٥ | ٢,٣٧٠٠٠ |
| لەسەرچاوەکانی تردا | |
| ١٩٥٨ | ٢ملیۆن (سەرچاوەکوردییەکان باسی ٥ ملیۆن دەکەن) |
| ١٩٥٩ | ٢,٨ ملیۆن |

بەپێی سەرژمێرییەکانی سۆڤێت لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا ژمارەی کوردەکان گەیشتۆتە ٨٪ بۆ ١٠٪ی تێکڕای دانیشتوانی تورکیا، لە کاتێکدا سەرچاوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٧٥دا ژمارەی کوردەکان لە تورکیا بەنزیکەی ٦٪ سەرجەم دانیشتوانی تورکیا



ناودەبات کە گەورەترین کەمایەتیە لە تورکیادا، سەرچاوە یۆنانییەکانیش ساڵی ١٩٧٧ رایانگەیاند کە ژمارەی کوردەکان هەشت ملیۆن کەسە لەتورکیادا، زانیارییە فەڕەنسیەکانیش راستی ئەوە دەسەلمێنن کە کوردەکان بەشێوەیەکی چڕ لەناوچەکانی رۆژهەڵاتو باکوری رۆژهەڵاتو باشوری رۆژهەڵاتی وڵاتدا دەژینو زۆرینەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە پێکدێنن کە بریتین لە دیاربەکر، وان، بەتلیس، سییرت، ماردین، ئورفە، بێنگۆڵ، موش، کراکۆسو تونچەلی، ژمارەیەکیشیان لە ناوچەکانی قارسو مالاتیاو ئیلیازیو ئەرزندجانو ئەدیمانو ناوچەی تریش دەژین، لە ڕووی ئایینییەوە بەشێوەیەکی گشتی مسوڵمانی سونە مەزهەبنو رێژەیەکی کەمیشیان شیعەنو ٨٪ یشیان پەیڕەوکاری ئایینی مەسیحین.

دوای کوردەکان عەرەب بەدووەم کەمایەتی دێنو بەشێوەیەکی چڕ لە پارێزگای هاتایو ئورفەو دیاربەکر

دەژینو ژمارەیەكی كەمیشیان لە ئیتشیلو غازی عەنتاب نیشتەجێن، بەڵام زۆرینەی ئەمانە لە پارێزگاكانی هاتایو ئورفە ـ لە لیوای ئەسكەندەرونە، لەسەر سنووری سووریا- توركیا دەژین، زۆربەیان پەیڕەوكاری سونەی ئیسلامیو عەلەویو مەسیحین.

یۆنانییەكان: زۆربەیان لە شاری ئەستەمبوڵو لەسەر ڕۆخی دەریای ئیجە دەژین، بەتایبەتی لە پارێزگای تشناكالا، ئەمانە زۆرینەی دانیشتوانی دوورگەكانی ئیمبرۆسو ئینودۆسی توركیو ڕۆخەكانی كەنداوی دەرمیتو شاری تشناكالاو پارێزگاكانی بالكسیرو ئەزمیرو ئایدنو ئەسكەندەرونە پێكدێنو زۆربەیان ئەرسەدۆكسنو ئەوانی تریشیان پرۆتستانتو كاسۆلیكن.

ئەرمەن: بە بەتایبەتی لە ئەستەمبوڵو دەوروبەریدا نیشتەجێنو ژمارەیەكی كەمیان لە باكورو باكوری ڕۆژهەڵاتی وڵاتو لە كەنارەكانی دەریای



ڕەشو لە باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا دەژین، ئەرمەنەكان پەیڕەوكاری ڕێبازی گریگۆریو كاسۆلیكو پرۆتستانتنو هەندێكیان مسوڵمانی سونە مەزهەبن.

دوا كەمایەتی یەهودیەكانن كە زۆربەیان لە ئەستەمبوڵ تەراقیای ڕۆژهەڵاتو لە شاری ئەدەنەو لۆزنگرادو تشۆرلۆو كالیبۆلیو لە شاری ئەزمیرو باشووری ڕۆژئاوای وڵات دەژین، هەیانە چوونەتە سەر ئایینی ئیسلام. [٣]

لەپاڵ ئەمانەدا كەمایەتی تریش هەن كە بواری ناوهێنانیان نییە، مەسەلەی دیاریكردنی ژمارەی كەمایەتیەكان بەوردی كارێكی گرانە، چونكە لە پرۆسەكانی سەرژمێریدا، پەیوەستبوونی ئیتنیكی هاونیشتمانیانی توركیا بەهێند وەرناگیرێت بەڵكو ئەو زمانە حسابی بۆ دەكرێت كە پێی دەدوێن. زانای سۆڤێتی گ. ستارشتكۆف (كە پسپۆڕە لەزمانی توركیدا) لەسەر بنەمای ئەوەی لەسەر ژمێریدا

بەدەست هاتووە ئەم زانیارییانە پێشکەش دەکات کە کۆمەڵێ هۆکاری راستەوخۆ تاوتوێ دەکات، وەکو ئاخاوتن بەزمانی دایكو پەیڕەوکردنی ئایینی دیاریکراوو زیادکردنی سروشتیو شتی تریش. لە ساڵی ١٩٢٣دا لە کاتی دروستبوونی کۆماری تورکیادا ژمارەی دانیشتوانی ئەم وڵاتە دەگەیشتە نزیکەی دوانزە ملیۆنو نیو. [٤]

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٥ ژمارەی دانیشتوان گەیشتۆتە (٥١,٤٣٠) ملیۆن کەس، تورك نزیکەی (٤٢) ملیۆنو کورد نزیکەی (٨) ملیۆنو عەرەب نزیکەی (٧٠٠) هەزار کەسو یەهودی (١٠) هەزار کەسو یۆنانی (١٥٠) هەزار کەسو ئەرمەن (١٨٠) هەزار کەس کەمایەتیەکانی تریش نزیکەی (٣٥٠) هەزار کەس دەبن. [٥] لەسەرجەمی ئەوەی لەسەرەوە پێشکەشکرا، دەبینین کە تورك رێژەی (٨٢٪)ی تێکڕای دانیشتوان پێکدێنێو رێژەکەی تریشی دابەش دەبێت بەسەر



کەمایەتیەکانیتردا کە دیارترینیان کوردە، بەڵام داخۆ بارودۆخی کوردەکان لە سەردەمی ئیمپڕاتۆری عوسمانیدا چۆن بووە؟

# کورتەیەکی مێژوویی

لە سەرەتای سەدەی شانزەدا، زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە سوپای عوسمانی بەسەر سوپای دەوڵەتی سەفەویدا لە شەڕی چاڵدێرانی ساڵی ١٥١٤دا سەرکەوت. ئەم شەڕە لە ڕووی ئەو بایەخو گرنگییەوە کە هەیبوو لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا وەکو خاڵێکی جیاکەرەوە سەیر دەکرێت کە هەردوو دەوڵەت کوردستانیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد، کە بەشی زۆری کەوتە ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانییەوە، خێڵە کوردەکانیش بە پەیوەستبوونیان بەدەوڵەتێکەوە کە پەیڕەوەکەی هەمان مەزهەب بوو کە کوردەکان پەیڕەوی دەکەن، دڵخۆش بوون. لە



شەڕەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا دژی روسو ئەرمەنو ئێرانیەکان کوردەکان لایەنگری دەوڵەتی عوسمانیان دەکرد.

لەساڵی ١٨٣٩دا پەیمانی رێکخستنی سنوور لە نێوان ئێرانو دەوڵەتی عوسمانیدا بەسترا کە تیایدا بۆ یەکەمجار لە مێژوودا کوردستان دابەشکرا، بەپێی ئەم رێکەوتنە گەلی کورد لە دوو بارودۆخو لەژێر سایەی دوو دەسەڵاتدا دەژیا کە ئەوانیش دەسەڵاتی ئێرانیو دەسەڵاتی تورکی بوون. ئەم رێکەوتنە ئاسەوارو جێکەوتی خۆیی بەجێهێشتو کەلکی سیاسی بۆ هەردوو لایەنی تورکیو ئێرانی تێدابوو، بە جۆرێك کە رێگای هاریکاری کردەوە لە بەردەم هەردوو لایەندا، لە دژی هەر جوڵانەوەیەکی کوردی کە لە داهاتوودا ئامانجی بەدیهێنانی سەربەستیو سەربەخۆیی بێت.

سوڵتانی عوسمانی سودی لەم خێڵە کوردانە وەرگرت بۆ پاراستنی سنوورەکانی باکورو هەروەها لە

ململلانێو بەربەرەكانێی ئەرمەنو نەسارەكانی ولایەتەكانی ئەرمینیاو ئەرزەرۆمدا، كوردەكان لەو شەڕانەدا كە لە پێناوی پاراستنی ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا كردیان قوربانی زۆریاندا، سوڵتانی عوسمانی هەوڵی رازیكردنو دڵنەوایی كردنی ئەو خێڵانەیدا كە لایەنگری ئەمان بوون ئەوەش بە مەبەستی بێزاركردنو توڕەكردنی ئەو خێڵە كوردانە بوو كە وەلائیان بۆ شای ئێران هەبوو، هەروەك بەكردەوەش سوڵتان فەرمانێكی دەركرد كە بەپێی ئەو فەرمانە ناوی (حكومەتی كوردی) لەسەركردە كوردەكان نا. ئەو فەرمانە ئەم ناوچانەی خوارەوەی بەحكومەت ناوزەد كرد (حەسەن كێف، جزیرەی ئیبن عومەر، هەكاری كەركوك، شەهربازاڕ (سلێمانی)، ساسون، عەمادی، بەتلیس، هەروەها بۆ سەرۆكی ئەم حكومەتانەی كە نازناوی (دەرەبەی) لێ نابوون واتە دەرەبەگی گەورە، دانی نا بەمافو ئیمتیازاتو میراتیاندا، ئەویش لە



زەویو ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا بەبێ ئەوەی دەوڵەتی سوڵتان خۆی لە كاروباری ناوخۆیان هەڵبقورتێنێ ئەمەش لە بەرامبەر ئەو باجە ساڵانەیەدا كە لە سەریان دانرابوو، هەروەها دەبوو هەریەكە لەو حكومەتانە بەشداری بكردایە لە ناردنی ژمارەیەك سەرباز، هەر كاتێ پێویستی بكردایە یان لەكاتی هەڵگیرسانی شەڕدا.

دوای ئەوە حكومەتە یەك لەدوا یەكەكانی عوسمانی دەستكەوتی خود موختیاریان بۆ سەرۆكی حكومەتە كوردییەكان لە یاد كرد، ئەوەش لە زنجیرەیەكی یەك بەدوای یەكدا هات بە جۆرێك كە لە كۆتایی سەدەی حەڤدەدا جگە لە چەند دەسەڵاتێكی كەم نەبێت شتێكی ئەوتۆ نەمابوویەوە، ئەوەی مابوویەوە، حكومەتی یەزیدییەكان بوو لە شەنگاڵو حكومەتی مەلیین لە دیاربەكرو حكومەتی زازا لە دەرسیم كەناو دەبرا بەسەنجەق. دەوڵەتی عوسمانی دەستبەرداری

ئەمانەش نەبوو، وازی لێنەهێنان، بەلکو بەردەوام هەوڵیدەدا دەسەلاتی راستەوخۆی خۆی بسەپێنێت بەسەریاندا.

سوڵتانی عوسمانی سەر لەنوێ ئیمپراتۆریەتەکەی ڕێکخستنەوەو هەموو ناوچە کوردییەکانی خستە سنووری سێ ولایەتەوە کە بریتی بوون لە ولایەتەکانی بەغداو دیاربەکرو ئەرزەڕوم، بەلام هەموو هەوڵو کۆششی عوسمانی بۆ خۆبەدەستەوەدانو ملپێکەچکردنی خێڵە کوردییەکان، سەرکەوتنی تەواوی بەدەست نەهێنا، بەڵکو خێڵە کوردەکان بەشێویەکی نیمچە سەربەخۆ مانەوەو ژمارەیەك لە میرنشینەکان لەژێر سایەی وەلائێکی روکەشانە بۆ دەسەلاتی سوڵتان، بەشێوەیەکی سەربەخۆ مانەوە[7]. لەسەدەکانی هەژدەو نۆزدەدا هەندێ میرو شێخی کورد پشتگیری ئەو هەڵچوونو پەشێوییانەیان دەکرد کە لە کوردستانداو لەسەر سنوورەکانی تورکیاو ئێران سەریان هەڵدەدا،



ئەمان واتە ئەو میرو شێخانە کاروباری خۆیانیان ڕێکخست بەمەبەستی داواکردنی سەربەخۆیی.

لە راستیدا هەندێ میرنشینی کوردی هەستانو بانگەشەی راپەڕینی چەکدارییان کرد لەوانەش میرنشینی بابان لە شارباژێڕ، لە ساڵی (١٧٨٨)داو میرنشینی رەواندوز لە ساڵی (١٨١٠)داو میرنشینی بەدرخان لە ساڵی (١٨١٢)دا کە ئەم میرنشینە لەساڵی ١٨٤٢ سکەی بەناوی خۆیەوە لێدا. دوای ئەوەش شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (نەقشبەندی) لە ساڵی (١٨٨٠)دا سەری هەڵدا، هەروەها راپەڕینێری کوردی دژی دەوڵەتی عوسمانی سەری هەڵدا وەکو راپەڕینی بەتلیسی ساڵی ١٩١٣، بەلام سەرکەوتنی بەدەست نەهێناو دەوڵەت توانی دەسەلات بسەپێنێ بەسەر سەرکردە کوردەکاندا[8].

لە سەرجەمی ئەوەی لە سەرەوە پێشکەش کرا، دەبینین بزوتنەوە سەربەخۆیخوازەکانو راپەڕینەکانی

کورد نەیانتوانیووە دەوڵەتێکی کوردی دروست بکەن کە هەموو بەشەکانی کوردستان لە خۆی بگرێت، ئەویش لەبەر هۆکاری جۆراو جۆر کە لەپێش هەموویانەوە مل نەدانی سەرکردە کوردەکانو بەرهەڵستکارەکانیان بۆ یەکتریو جێبەجێکردنی نەخشەو پلانەکانی ئەو دەڵەتانەی کە فەرمانڕەوایی ئەمانیان کردووە، ئەمە سەرباری هەڵویستی دژ بەیەكو ناکۆکی دەوڵەتە گەورەکان سەبارەت بەکێشەی کورد، بەڵام سەرباری هەموو ئەمانەش کاتێ دەوڵەتی عوسمانی میرنشینە کوردەکانی لەناوبردو شۆڕشەکانیانی دامرکاندەوە، هێشتا نەیتوانی سەرکەوتنی تەواوەتی بەدەست بهێنێت، بەڵکو زۆربەی خێڵە کوردکان ئامادەی ئەوە نەبوون کە باج بدەن یان خزمەتی سەربازی بکەن.

لە دوای روخاندنی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی کوردەکان هێشتا ئەو سەنگەیان مابوو کە بتوانن ببنە



بەربەست لە بەردەم سیاسەتەکانی کۆماری تورکیادا، ئەگەرچی کوردەکان وەکو کەمینەیك بەدەست هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکەوە دەیانناڵاند، ئەتاتۆرکو حکومەتەکەی نکۆڵی مافی بوونی ناسنامەی تایبەتی (نەتەوەیی) کوردیان دەکردو بەتورکی چیایی ناویان دەبردن[۹].

لە مادەی یەکەمی میساقی نیشتمانی تورکیادا هاتووە: ئەگەر پێویستی کرد ئەوا بڕیاری چارەنووسی ئەو بەشانەی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی دەدرێت کە زۆرێنەی دانیشتوانەکانیان تورك نینو لەسەرو بەندی رێکەوتنی ۳۰ی تشرینی یەکەمی ساڵی ۱۹۱۸دا لە ژێر سایەی دەسەڵاتی هێزە دوژمنەکاندا بوون، ئەمەش بەپێی دەنگدانی ئازادانەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە خۆیان دەبێت، بەڵام ئەگەر ئەو ناوچانە لە چوارچێوەی هێڵی دیاری کراوی ئەو رێکەوتنەدا بن یان لە دەرەوەی ئەو هێڵەبن کە زۆرینەی دانیشتوانەکانیان

عوسمانی موسڵمان بن کە یەکگرتوون لە ئایینو ڕەگەزو ئامانجدا لە سۆزی ڕێزگرتنی بەرامبەرو لەقوربانیدانو لەڕێزگرتنی مافە نەتەوەییو کۆمەڵایەتیەکاندا هاوبەشن، هەروەك ڕێزی بارودۆخی دەوروبەریان بگرن. ئەمانە بەشێك لە نیشتمانێك پێکدێنن کە هیچ هۆکارێکی لۆژیکی یان یاسایی لە ئارادا نییە کە بەشێك لەو نیشتمانە جیا بکرێتەوە. (ئەو میساقە دانانێت بەخاسێتی بوونی نەتەوەی کورددا، ناشتوانێت پێیان بڵێت تورك). لێرەشەوە کۆمەڵەی نەتەوەکان مافی کوردو کەمە نەتەوەییەکانیتری نەسەلماند بەسەر تورکیادا، بەو جۆرەی کە بەسەر عێراقدا سەپێنرا، سەرباری جیاوازی لەچۆنێتی واقیعی عێرقدا[١٠].

زیاتر لەوەش ئەوەی کە پەیماننامەی سیڤەری ساڵی ١٩٢١ی لەسەر بنیادنرا کە چەند بەندێکی تیایە پەیوەست بەرێکخستنو ڕێو شوێن دانانی بارودۆخی



ئەو وڵاتانەی کە لە دەوڵەتی عوسمانی جیا بونەوتەوە، کە مەسەلەی مافی کەمایەتیەکانو کوردەکانیشی لە خۆگرتووە، بەڵام پەیماننامەی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣ بەتەواوەتی ئەو مافانەی پشتگوێخست[١١]، لەگەڵ ئەوەدا هەوڵی تواندنەوەو سڕینەوەی ئەم کەمایەتیانە دەدرا، بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیڕەوکاری ئاینیی ئیسلام بوون. بەپشتبەستن بەم پەیماننامەیەو بەپێی هەر دەستورێکی نوێو یاسای دەرچوو لەژێر کاریگەری ئەو پەیماننامەیەدا، ئەو بوارو توانایەی کە درابوو بەگەلانی غەیرە تورك بۆ گوزارشتکردن لە بوونی نەتەوەیی خۆیان سنووردارکرا. بەپێی مادەی (٨٨) لەدەستوری یەکەمی کۆماریی، سەرجەم دانیشتوانی تورکیا بێ گوێدانە بڕوای ئاینییو ئینتیمای نەتەوەییان هەموو هاونیشتمانی تورکین، ئەمە سەرباری دان پێدانانێکی ناڕاستەوخۆ بەبوونی کەمایەتی ئاینییو نەتەوەیی لەو وڵاتەدا.

له ماددەی (٥٤)ی دەستووری ساڵی ١٩٦١داو لەمادەی (٦٦) له دەستووری ساڵی ١٩٨٢دا باسی ئەوە دەکرێت کە هەموو هاونیشتمانیکی دەوڵەتی تورك تورکیە، بەمجۆرە لە رووی دەستوورییەوە ئاشکرابووە کە تورکیا، دان نانێت بەبوونی کەمایەتی نەتەوەییو ئاینییدا)، بەپێی دەستووری کارپێکراو لە ساڵی ١٩٨٢ هەموو هاونیشتمانیانی تورك لەبەردەم یاسادا یەکسانن بەبێ لەبەرچاو گرتنی جیاوازی زمانو رەگەزو رەنگو ئایینو بیروباوەڕی سیاسی، مادەی (٤٢) لەم دەستوورە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە رەچاوی ئەو مافانە بکرێت کە لە پەیماننامە نێودەوڵەتیەکاندا هاتوون. لێرەدا مەبەست لە پەیماننامەی لۆزانی ساڵی (١٩٢٣)یە کە لە بەندی (٣٧ تا ٤٤)یدا تێبینی لەسەر بەرگریکردن لە مافی کەمایەتیەکان دەکات بەتایبەتی کەمایەتیە نامسوڵمانەکان[١٢].



لێرەدا تورکیا ناچارە کەدان بنێت بەم بەندانەدا وەکو یاسای بنەڕەتیو هیچ کارپێکردنێك بەدژی ئەم یاسایانە ئەنجام نەدات، زیاترین شتێ له دڵنیایی تورکیا کە کوردەکان لە پەیمانی لۆزان بەدەستیان هێناوە، ئەوەیە کە لەمادەی (٣٨)ی ئەو پەیماننامەیدا هاتووەو دەقەکەی دەڵێت: پێویستە لەسەر حکومەتی تورکیا ژیانو ئازادی هەموو هاونیشتمانیان دابین بکات بەبێ رەچاوکردنی جیاوازی رەگەزو نەتەوەو بنەماڵەو ئاینییان، هەروەها هیچ مەرجو بەندێکی لەبەردەم ئازادی هیچ کەس لەوانە دانەناوە کە لەژێر سایەی چاودێری تورکیا دان، بۆ ئەوەی کە گوزارشت لەخۆی بکات بەهەر زمانێك کە دەیەوێت، چ لە کاروباری تایبەتیو بازرگانیو سروتی ئاینییو کاری رۆژنامەگەریو چاپەمەنیدا بێت بە هەموو جۆرەکانیەوە، چ لە کۆبوونەوە سیاسیەکاندا بێت، هەروەك لە مادەی (٣٩) هاتووە، بەڵام حکومەتی تورکیا

به پشتبەستن بەدەستوور، وای دەبینێ کە هەموو هاونیشتیمانیانی تورکیا تورکنو وڵاتو گەل یەکەیەکن دابەش نابن، بە شێوەیەکیتر حکومەتی تورکیا کاردەکات بۆ زیاتر چەسپاندنی حاکمیەتی نەتەوایەتی تورکیو مێژوو زمانو رۆشنبیری تورکیو هەستی تایبەتی کەمایەتییە ئاینییو نەتەوەییەکان لە ئاستێکیتردا دێت، بۆ نموونە لە ساڵی خوێندنی ١٩٨٢-١٩٨٣دا تێبینی بوونی دوانزە قوتابخانەی دواناوەندی تایبەت بەکەمایەتییەکان دەکرێت، واتە رێژەی ١٪ لەکۆی گشتی کە (٦٢٥) قوتابیو (١٧٧) مامۆستا دەگرێتەوە.

له کاتی راگەیاندنی کۆماری تورکیاوە، کۆمەڵێ رێو شوێنی یاسایی لەبەرگیراوە کە چالاکی ئابوریو سیاسیو رۆشنبیری کەمایەتیە نەتەوەیەکان سنووردار دەکاتو ژمارەیەکیشیان ناچار دەکات کە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی وڵات بەجێبهێڵنو بەرەو ناوەوەی وڵات یان



بۆ دەرەوەی وڵات بڕۆن. یاسایەکی تایبەتی دەرچوو پەیوەندی بەگواستنەوەی نیشتەجێ کردنەوەی کەمایەتیە ئینتیکیو ئاینییەکانەوە هەیە کە بەپێی ئەم یاسایە تورکیا دابەش دەبێت بۆ سێ ناوچە کە بریتین لە:

یەکەم: ئەو هەرێمو ناوچانە دەگرێتەوە کە دەشێ تەنیا تورکیان تیا نیشتەجێ بێت.

دووەم: ئەو هەرێمو ناوچانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بۆ نیشتەجێکردنی ئەوانەی کە لەناوچەکانیتر هەڵکەندراونو هێنراونەتە ژێر سایەی رۆشنبیری تورکیەوە.

سێیەم: ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە بەتەواوی لەدانیشتوانەکانی چۆڵکراون لەبەر هۆکاری سەربازی یان سیاسی یان لەبەر هەر هۆکارێکیتر[١٤].

# دەرزی شارستانی

لە ئەنجامی جوڵەی کوردەکانو راپەڕینیان، حکومەتی تورکیا لەدژی راپەڕیوان کاری کردووە بەتایبەتی دوای ئەوەی کە لە ئایاری ساڵی ١٩٣٧دا حکومەت هێزی گەورەی کۆکردەوە، جەلال بەگی وەزیری ناوخۆی حکومەت رایەگەیاند: لە ئەمڕۆ بەدواوە کێشەی کورد بوونی نییە، هەروەها گوتی: براکان پێدەنکراون بەشارستانیەتو لە رێگای هێزەوە کوتراون[١٥]. ئەمەش نەریتێکی مەبەستداربوو لەلایەن دەسەڵاتدارانی فەرمیەوە. لە ماوەی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا حکومەتی تورکیا رێو شوێنی یاسایی توندی گرتەبەر بۆ لێدانی توانای داراییو ئابوری کەمە نەتەوایەتیەکان، لە ساڵی ١٩٤٢دا



پەرلەمانی تورکیا بڕیاری سەپاندنی باجی بەسەر دەوڵەمەندەکاندا دەرکرد. ئەم بڕیارە لە روکەشدا دژی خاوەن زەوییە گەورەکانو بازرگانە دەوڵەمەنەکان ئاراستەکرا، بەڵام لەراستیدا دژی بۆرژوای یەهودیو یۆنانیو ئەرمەنیەکان بوو، دژی کەمایەتیە نا موسڵمانەکان بوو، بێ رەچاوکردنی باری داراییان، بەڵام کاتێ شەڕ بەرەو کۆتایی چوو، لە ساڵی ١٩٤٤دا حکومەتی تورکیا کەسێتیە پایە بەرزەکانی زانکۆی تورکی دادگاییکردو ئەو باجانەشی هەڵوەشاندەوە[١٦]، هەتا ئەو هەڵوەشاندنەوەیە گەیشتە بواری جێبەجێکردن دوو ساڵی خایاند، لەم ماوەیەدا بۆرژوای غەیرە تورك لە تورکیا لێدانێکی توندی بەرکەوت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ناوەندی پرۆسێسی ئابوری وڵاتدا مایەوە،

لە ماوەی دوای جەنگدا حکومەتی تورکیا مەسەلەی بەقەیرانبوونی قوبروسی بەکارهێنا بۆ وروژاندنی

شاڵاوی دژایەتی بەرامبەر بە یۆنان کە ئەو وروژاندنەش لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٥٥ داگەیشتە بەرزترین ئاستی، کاتێ کۆنگرەی (ئینگلیز – یۆنان – تورك) لە لەندن لەبارەی مەسەلەی قوبروسەوە بەسترا، هەروەك بەهۆی فڕێدانی قونبەلەوە بۆ نێو مۆزەخانەی ئەتاتۆرك لەسۆلۆن، لەهەریەکە لەئەستانبۆڵو ئەزمیر دەستدرێژی کرایە سەر یۆنانییەکانو ئەوەش دوو رۆژی خایاند کە تیایدا سەدان ماڵو کۆگاو کارگەو کەنیسەو شتیتر لە سامانی یۆنانییەکان تاڵانکرانو سوتێندران، لەو کارەشدا حکومەتی تورکیا هەوڵیدا تاوانەکە بخاتە ئەستۆی لایەنی چەپی تورکی، بەڵام دواتر ئاشکرابوو کە ئەو کارانە بەفەرمانی عەدنان مەندریسی سەرۆك وەزیرو وەزیری ناوخۆی ئەو کاتە بووە. دوای کودەتای سەربازی ساڵی ١٩٦٠ مەندریسو وەزیری ناوخۆو سەرکردەکانی تری پارتی دیموکراتی فەرمانڕەوا لەسێدارە دران.



کاتێ کە ئاخاوتن بکرێت لەسەر سیاسەتی حکومەتەکانی تورکو هەڵوێستیان لەسەر مەسەلە نەتەوییەکان، ئەوە مەسەلەی کورد جێگایەکی بنەرەتی دەبێت لەم بوارەدا، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ مافی نەتەوایەتی ئەم گەلە پشتگوێ خرابوو، گەلی کورد لە ساڵانی بیستەکانو سییەکاندا لە بەرامبەر ئەم پشتگوێ خستنەدا راپەرین، لەوانەش (راپەڕینی شێخ سەعیدو راپەڕینی دەرسیم، بەڵام ئەم راپەڕینانە بەشێوەیەکی توندوتیژ دامرکێنرانەوە).[١٧]

حکومەتی تورکیا کە سیاسەتی داپڵۆسینی کەمە نەتەوییەکانو تواندنەوەو لەناو بردنیانو دان نەنان بەسادەترین مافیانی لەبەرگرتبوو، بەردەوام بوو لەسەر پشتگوێ خستنی ئەو مەسەلەیە، لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیش، چونکە بەڕای حکومەتی تورکیا کورد بوونی نییە لە تورکیا، هەر بەو پێیەش مەسەلەی کوردیش بوونی نییە. پەیامنێری نیویۆرك

پۆست لە نیسانی ساڵی ١٩٤٦دا نووسیوویەتی: لە تورکیا کوردەکانیانن بەکۆمەڵ کوشتو لەماڵو حاڵی خۆیان بەشێوەیەکی بەربڵاو دەریانکردن، بەجۆرێك کە حکومەتی تورکیا بتوانێت پێ لەسەر ئەوە دابگرێت کە مەسەلەی کورد لە تورکیادا بوونی نییە.[١٨]

لە دوای کودەتای سەربازی خەباتی گەلی کورد لە پێناوی بە دەستهێنانی مافە نەتەوەییەکاندا شێوازێکی نوێی بەخۆیەوە گرت کە ئەویش لە زیادبوونی چالاکی کۆمەڵە چەکدارەکانی کورد لە باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا دەردەکەوێت کە بووە هۆی لە ناوبردنی شوێنی ئەو بەرپرسە تورکانەی کە بەڵێنی خۆیان بۆ خۆ رزگارکردنی هەتاهەتایی لە کێشەی کورد راگەیاند.

هەڵوێستی عەسکەریەکان جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە کورد لە تورکیادا بوونیان نییە، بەڵکو ئەوانەی پێیان دەڵێن (کورد) تورکن، ئەوە درۆو



دەلەسەی بێگانەیە (کە باسی بوونی کورد دەکا) بە مەبەستی شێواندەن و درۆو پێوەنان لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتدا بڵاو دەکەنەوە. بەرپرسێکی حکومەت کە ژەنراڵ جەنگیز غەفورسێلی بەرەگەز کوردی دیاربەکرە کە گەورەترین شاری کوردیە ، لە ساڵی ١٩٦٠ دا رایگەیاند کە لەوشارە کورد بوونی نییە، هەموومان تورکین، نەك تەنیا لێرە بەڵکو لە هەموو ناوچەکانی رۆژهەڵات تەنیا تورك دەژین.[١٩]

عەسکەرییەکان لەجێبەجێکردنی یاساکاندا هەوڵی زۆریاندا، کاروچالاکیەکانیان بۆ بەدواکەوتنو گواستنەوەی کوردەکان لەناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتەوە بۆ ناوەوەی وڵات فراوان بکەن، بڕیاری یاسای نیشتەجێکردنی ژمارە (١٠٥) دەرچوو کە بەپێی ئەو بڕیارە ئەو خێزانانەی جێگەی پەسەندکردن نەبوون بەشێوەیەکی زۆرەملێ لەزێدی رەسەنی خۆیانەوە دەگوازرانەوە بۆ ناوچەکانیتر.[٢٠]

شەپۆلێکی راگواستن لە ژێردروشمی رزگارکردنی کوردەکان لە بەکارهێنانو بەکاربردنی ژێر سایەی سەرکردەو شێخو رابەری ئایینیو سەرخێڵەکان دەستی پێکرد، لە ساڵی ١٩٦١دا دادگای سیاسیو سەربازی لە ئەنقەرەو بۆرسە دامەزرا بۆ دادگاییکردنی گەورە پیاوانی کورد لە نوێنەرانو پارێزەرانو مامۆستایانو پزیشکان، ئەمە سەرباری ئەوەی کە (١٢٣) مامۆستا لە زانکۆکانی وڵات دەرکران لەبەر نیاز و ئارەزوویان بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی کە ئەرکو ئامانجی لێدانی بنەماکانی کۆماری تورکیا بێت، بەڵام سەرباری کاری توندوتیژیو پێدانی دەرزی شارستانی کە دەسەڵاتدارانی تورکیا دژی کورد بەکاریان دەهێنا، بزوتنەوەی نهێنیو نیمچە ئاشکرای کوردی لە ناوەوەی وڵاتو لە دەرەوەش سەری هەڵدا بۆ نمونە: پارتی کرێکارانی کوردستانو پارتی کارگەران لە کوردستانو پارتی سۆشیالیستی کوردستانی تورکیاو رزگارکەرانی



کوردستانو هیتریش دەرکەوتن.[٢١] ئەم بزوتنەوانە چاپکراوەکانی خۆیان لە رۆژنامەو گۆڤار بە زمانی کوردیو تورکی بە باسکردنی سیماکانی کێشەی کورد بڵاو دەکردەوە، پارتی کرێکارانی کوردستان لەگەڵ هەندێ لە رزگاریخوازانی کوردستاندا جڵەوی دەستپێشکەرییان بۆ پێکهێنانی دەستەی چەکداری شەڕکەر بەدەستەوە گرت کە ئەو دەستە چەکدارانە لە ناوچەکانی کوردستانی تورکیا دەستیانکرد بە ئەنجامدانی چالاکی، ئەمەش بووە هۆی نیگەرانی لە نێو ناوەندەکانی دەسەڵاتی تورکیاداو کەوتنە گرنگی پێدانی ئەو چالاکیانە، بەتایبەتیش نێوەندە عەسکەرییەکان، لە کۆتایی مانگی حوزەیراندا وەزیری ناوخۆی تورکیا لە ئەنقەرە رایگەیاند دەزگای ئاسایش رێکخراوێکی نهێنی دۆزیوەتەوە، ئاشکرای کردووە کە دوانزە کەس بە تاوانی چالاکی نواندن لە بەرژەوەندی کوردەکان دەستگیر کراون.[٢٢]

# لەسەر بۆسفۆڕ
# بەهەشت و لەرۆژهەڵات دۆزەخ

نوێنەرانی گەلی کورد داوای گۆڕانکاری ریشەییان لە ژیانی ئابوریو کۆمەلایەتیو رۆشنبیری لە رۆژهەڵاتی تورکیادا دەکردو هەروەها داوای جێبەجێکردنی خێرای چاککردنی بارودۆخی کشتوکاڵیان دەکرد، بە جۆرێك کە رێگا بە دابینکردنی زەوی بۆ جوتیاران بدات، هەروەك مافی هاوشێوەی ئەوەی بە تورك دراوە بە کوردەکانیش بدات لە سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەلایەتیو ئابوریدا.

بەم جۆرە دەیانگوت: ئامانجمان دابینکردنی یەکسانیو برایەتیو بەختەوەرییە، پێویستمان بە ژاندرمە نییە، بەڵکو پێویستمان بە مامۆستایە، داوای



کردنەوەی قوتابخانە دەکەین نەك بنکەی پۆلیس، داوای ژیانی ئازادیو ئازادی تاکەکەسو خوێندن دەکەین. [٢٣]

"کوردەکان تورکن، لە دەشتەکانەوە گواستوویانەتەوە بۆ چیاکانو لەوێ نیشتەجێ بوون، سەرباری ئەوەی کە ئەمان لەرووی گەشەی شارستانیەوە جیاوازن لە تورکەکانیتر، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئارەزوویەکی زۆریان هەیە بۆ یەکێتیو یەکبوون لەگەڵ نیشتمانەکەی ئەواندا[٢٤]."

بەرەو پێشەوەچوونی رووداوەکان لە رۆژهەلاتی ولاتدا بووە هۆی نیگەرانی ناوەندە دەسەلاتدارەکان کە ئەوەش لە کۆتایی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦١دا، بووە هۆی پێشنیارکردنی بەستنی کۆبوونەوەیەکی نهێنی لە ئەنقەرە کە راوێژکارانی بیستو یەك وەزارەت تیایدا ئامادە بوون، بە مەبەستی گفتوگۆکردنی مەسەلەی کورد، لەو کۆبوونەوەیەدا چەند بڕیارێکی گرنگ درا،

